

گفتوگۆ لەگەڵ مەکسیم ڕۆدنسۆن

# ململانێکانی جیهانی
# خۆرهەڵات و خۆرئاوا

لە فەڕەنسییەوە: ئازاد عەبدوڵڵا

**ماکسیم ڕۆدنسۆن یەکێکە لە خۆرهەڵاتناسە هەرە مەزنەکانی هاوچەرخ، سەرجەم ژیانی تەرخانکردووە بۆ توێژینەوە لە ئیسلام و شارستانێتیی عەرەب (بیۆگرافییەکەی دەربارەی محەمەد بۆتە سەرچاوەیەکی بایەخدار، مێژوونوسێکی تایبەت بە ئایینەکانە، هەڵگری دیدگایەکی مارکسیستییە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی ئەو بابەتانەی قسەیان لەسەر دەکات. بە زمانەکانی عەرەبی، عیبری، تورکی، گوێزەیی (حەبەشیی کۆن) دەپەیڤێت.**

**دەقی گفتوگۆکە:**

*** هەر لە کتێبی «سەرسامیی بە ئیسلام»دا لە ساڵی 1980، واتە زۆر لەپێش (هانتینگتۆن)یشەوە، ئیسلامت وەك ڕکابەری گەورەی خۆرئاوای کریستیانی نێوبردووە؛ ئایا تۆیش بە چەشنی هانتینگتۆن لەو باوەڕەدایت کە ئەوڕۆ لە سەردەمی (پێکدادانی شارستانییەتەکان)دا دەژین؟**

- دەتوانرێت جۆرە سەرچاوەیەکی لەو بابەتەوە هەڵهێنجرێت، دیارە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بەربەرەکانێیەکی ئاشکرا لەئارادایە، بەڵام ئەوە دیاردەیە ئاڵۆز و کۆمپلێکسە. ناتوانین بە گشتی جەخت لەوە بکەینەوە کە وەها ڕووداوێک سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شارستانی یان ئەوی دیکە، نەخێر.

*** پێشتر هەستت بە نیشانەکانی ئەو ڕووداوە کردبوو؟**

-جەنگی نێوان وڵاتە ئیسلامیی و وڵاتە کریستیانەکان لەژێر پەرچەمە ئایینییەکانیاندا، هەر لە دەستپێکی ئیسلامەوە هەڵگیرساوە، بە درێژایی چواردە سەدەش هەر بەردەوام بووە. ئەم ناکۆکییە زۆرجار فرە سەخت و دژوارتریش بووە لەچاو ئەوڕۆدا، هەر بۆ نموونە سەیری شەڕی خاچپەرستی و جەنگی دژ بە کۆلۆنیالیستەکان بکە- کە ئێستاش هەروەها بەردەوامە. ئێستاکە ئاراستەیەکی بیرکردنەوەی وەها لەئارادایە کە کێشەکە کورتبکرێتەوە بۆ فاکتۆری نەتەوەی و نیشتیمانی. بەڵام ئەمە هەڵەیە. با فیلمەکەی سینەماکاری میسریی (یوسیف شاهین) دەربارەی لەشکرکێشییەکەی (بۆناپارت) بۆسەر میسر لە ساڵی 1799دا، بە نموونە وەربگرین. شاهین شتەکانمان لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستیی هاوچەرخەوە پێشکەشدەکات. عەرەبەکانی میسر دژ بە داگیرکاریی بێگانەکان ڕاپەڕیون. ڕاستییەکەی ئەوە یاخیبوون و ڕاپەڕینی موسوڵمانەکان بوو، واتە زێدەتر هەڵوێستی سەرجەم موسوڵمانەکان بوو نەک بە تەنها هی عەرەبەکان. خواستە نەتەوەییەکان ئەو دەمە ڕووخسارێکی زۆر پیچیدە (کۆمپلێکس) یان پێوە دیاربوو، بە شێوەیەکی ئاڵۆز و ڤەشارتی، بەڵام خەڵکانی ئەو سەردەمە ڕووداوەکانیان لە دیدگایەکی ئایینییەوە دەبینی و لەو باوەڕەدا بوون کە کەوتنە بەر هێرشی گاورەکانەوە.

*** ئایا لەو ناکۆکییەی ئێستاشدا ئەو مەودا ئایینییە دیسانەوە بەدیدەکرێت؟**

-بێگومان، هەر لە سەرەتاشەوە لە سەدەی حەوتەمەوە، ئیسلام لەلای کریستیانەکان وەک هەڵگەڕاوە و لادان بینراوە. خەڵکانێک لەژێر ڕێبەرایەتیی پێغەمبەرێکی ساختەدا کۆبوونەتەوە، کە پەیامی درۆزنانە لەمەڕ سروشی خوداوە بڵاودەکاتەوە، ئەرک و فەرمانەکان و ڕۆڵ و پلەوپایەی (مەسیح)ی شێواندووە.

*** چی دەبێتە هۆی هاندان و چەکدارکردنی باڵە تیرۆریستە موسوڵمانان؟ ئایا ئیسلامە؟**

-بەڵی تارادەیەک دروستە، بە هەر شێوەیەک بێت، ئیسلام بەو چەشنەی کە لێکیدەدەنەوە بۆتە ئایدیۆلۆژیی و جوڵێنەری سەرەکیی کار و چالاکییەکانیان.



**هەر لە سەرەتاشەوە لە سەدەی حەوتەمەوە، ئیسلام لەلای کریستییانەکان وەك هەڵگەڕانەوە و لادان بینراوە. خەڵكانێك لەژێر ڕێبەرایەتیی پێغەمبەرێكی ساختەدا كۆبوونەتەوە، كە پەیامی درۆزنانە لەمەڕ سروشی خوداوە بڵاودەكاتەوە**

*** ئایا ئایین تاکە فاکتۆرێکە لەم بارەیەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە نەخێر. کاتێک دوو جیهانی جیاواز ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، هەموو شتێک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. پارە و پووڵ، دەسەڵات، باوەڕ و ئایین و...هتد، گەر پرسیار لەوە بکەین کامە هاندەر بڕیاردەرترە لەچاو ئەوی دیکەدا؟ هەروا بە سانایی لێکنادرێتەوە. ئەوەی لە نیویۆک [لە 11ی سێپتەمبەر] ڕوویدا، جودا ناکرێتەوە لەو ناکۆکییەی کە لەنێوانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەیە.

***چۆن ئەم هەموو ڕقوکینەیە دژ بە خۆرئاوا لێکدەدەیتەوە؟**

-خۆرئاوا بۆ موسوڵمانان چی دەگەیێنێت؟ جیهانی کریستیانەکانە، واتە جیهانی بێباوەڕ و گاورەکانە، خەڵکانێکن کە بێڕێزیی و گوتەی نابەجێ دەربارەی محەمەد بڵاودەکەنەوە. [لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانەوە، یان خۆرهەڵاتییەکانەوە] دژ بەوانە پێویستە بە وشە وەڵامی دەمکوتکەریان بدرێتەوە، گەر نا، ئەوا دەبێت زۆر بە توندی لێیان بدرێت (سەرکوت بکرێن). لە لایەکی دیکەشەوە بنەچە و ڕەگ و ڕیشەیەکی نیشتمانپەروەریی هەیە. تا ئەو ئاستەی کە خۆرئاوا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ نەکات و بێتاقەتیان نەکات، کێشەیەک لەئارادا نابێت، بەڵام هەرکە خۆرئاوا بیەوێت یان لەوەبچێت کە هەوڵی سەپاندنی نرخ و بەها تایبەتییەکانی خۆی بە تۆبزیی بەسەریاندا بدات، ئیدی دەمودەست تارماییەکە زیندوو دەبێتەوە. ئەوڕۆ تاڕادەیەک شتەکان بە شێوەیەکی هێورانە لێیان دەڕوانرێت، ئەوەش نزیکەی پەنجا ساڵێکە بەردەوامە. لەو کاتەوەی کە کۆنسیلی ڤاتیکانی دووەم، لە ساڵی 1965دا پێیوابوو کە لە ئیسلامدا گەلێک نرخ و بەهای پڕبایەخ هەن. بەڵام پاپاکانی ئەم دواییانە ڕووبەڕووی دەردیسەریی و کێشەی زۆر بوونەوە بۆ ڕاگەیاندنی پەیامێکی دیار لەو بارەیەوە.

*** بە چی جۆرێك تەشەنە بەم ڕق و کینەیە دەدرێت، لە ڕێگەی قووڵبوونەوەی هەستی دوژمنایەتی، یاخود لە نائومێدی و بێهیواییەوەیە؟**

-ئەو جیاوازییە فراوانەی خۆشگوزەرانی و ئاستی ژیان ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. موسوڵمانەکان کەوتوونەتە ژێر باڵادەستیی مۆدە و ڕەوشی ژیانی ئەوروپییەوە، زۆرجاریش دەگاتە ئاستێکی ئابڕووبەرانە.

بێئاگان (بیریانچۆتەوە)، بەڵام ئەوە ئەوان بوون کە یەکەمجار هێرشیان هاوردە سەر ئەوروپا و وەک هێزێکی داگیرکەر و دەسەڵاتدارێتییەکەی خۆیان بەزۆری زۆردارەکی سەپاند بەسەریدا. بەشی زۆری وڵاتە موسوڵمانەکانی ئێستا، لەو سەردەمەدا کریستیان بوون (وەک: میسر، سوریا، تورکیا). ماوەیەکی دوورودرێژ موسوڵمانەکان خاوەن هێز و بەدەسەڵاتترین و دەوڵەمەندترین و شارستاترین بوون.

*** ئەدی چۆن خۆرئاوا توانی بە سەریاندا سەربکەوێت؟**

- ئەوەش چەندین سەدەی خایاند، لە ڕێگەی زۆر و ستەمکارییەوە، جگە لەوەش بە هۆی بیروباوڕی نوێوە، هەروەها لە ڕێگەی باڵادەستیی ئاڵوگۆڕ و بازرگانییشەوە. ئەم پرۆسێسە لە ساڵەکانی (1300-1400) وە دەستیپێکرد. ئیدی خۆرئاوای کریستییان لە ساڵانی (1800) کاندا بەتەواوی گەمەکەی بردەوە. باڵادەستیی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی فرە بەهێز بوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە زەبری تۆپە بەهێزەکان و چەکە پێشکەوتووەکان و تەقەکردنی خێرا و هتد... خرانەگەڕ.



*** ئایا ڕقوکینەی موسوڵمانەکان بۆ کۆلۆنیالیزم دەگەڕێتەوە؟**

-ئەوە بۆ زۆر لەوەو پێشتریش دەگەڕێتەوە. هەر لە سەدەی حەوتەمەوە موسوڵمانەکان لەوە

*** هەروەك خۆیشت ئاماژەت پێدا، بۆچی هەمیشە ئیسلام بۆتە هۆی وروژاندن و بڵێسەسەندنی هەست و نەستی جەماوەرێکی فراوان؟**

-ئیسلام ئایینێکە کە پەیام و ئەرک و فەرمانەکانی زۆر سادە و ساکارن و بەوپەڕی ئاسانیشەوە دەبنە مایەی قەناعەت پێکردن. خودایەکی تاک و تەنها هەیە و بڕیاردەری گشت چشتێکی ژیانە لە جیهاندا. بۆ باوەڕهێنان بە ئیسلام، هەر هێندە بەسە کە ئەم گوتەیە بڵێیتەوە «شایەدی دەدەم کە خودایەکی تاک و تەنها هەیە و محەمەدیش پێغەمبەری خودایە»، ئیدی تۆ بەوە دەبیتە موسوڵمان. بەپێی دابونەریتیش، هەرکەسێک کە تازە دەبێتە موسوڵمان، دەبێت خەتەنە بکرێت، بەڵام ئیجباریش نییە. گەر سەربازەکانی ناپۆلیۆن نەچوونە سەر ئایینی ئیسلام -ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە زانا موسوڵمانەکان زۆر پێیان خۆش نەبوو کە ئەو ژمارە زۆرە لەپڕ ببنە موسوڵمان- چونکە لەلایەن زانایانی موسوڵمانەوە دوو مەرجیان بۆ دانان: خەتەنەکردن و قەدەغەکردنی خواردنەوەی شەراب. ئەمەی دوایان (شەراب نەخواردنەوە) بۆیان فرە سەخت بوو. کەواتە هەر لەبەر ئەوەشە فەڕەنسییەکان کریستیانن و نابنە موسوڵمان.

*** هەندێك پێیان وایە ئیسلام ئایینێکە پەیامی ئاشتیی ڕادەگەیەنێت، هەندێکی تریش دەڵێن هەڵگری بیری توندوتیژییە، ئایا دەتوانین ئەمە ڕابگەیەنین؟**

-هیچ ئایینێک بەتەواوی ئاشتیخواز یاخود شەڕخواز نییە. هەندێک سورەتی قورئان باسی دلۆڤانیی و خۆشەویستیی دەکەن، هەندێکی دیکەشیان باسی توندوتیژی دەکەن. ئیمامەکان بە گوێرەی خواست و پێداویستیی ڕۆژگار ئەم ئایەت یاخود ئەوی دیکە دێننەوە، دەقی قورئان زۆر لایەنی ناکۆک و دژبەیەکی لەخۆگرتووە. لە ئایەتە سەرەتاییەکانی قورئاندا نوسراوە کە دەتوانین شەراب بخۆینەوە، کەچی لە ئایەتەکانی دواییدا قەدەغە کراوە. لەو بارەیەشەوە زانا موسوڵمانە کلاسیکییەکان دۆکترینی «قەدەغەکراو و قەدەغەنەکراو»یان هێنایە ئاراوە. ئەرێ ئەوە خۆی ناکۆکیی نییە؟ کە خودا بیروبۆچوونی خۆی گۆڕیوە؟

*** بۆچی ئیسلام ناتوانێت وێنەیەکی جوان و باشتری خۆی بە خۆرئاوا نیشان بدات؟**

-دەشێت موسوڵمانەکان لە ڕادە و ئاستی کاریگەریی بیروبۆچوونی ئەوروپییەکان تێنەگەیشتبن. هەمیشە لە سەنگەردا خۆیان مەڵاس داوە. کێشەکە بریتییە لە نائاگایی و یەکتر نەناسینی موسوڵمانەکان بەرامبەر بە کریستیانەکان، لەو لاشەوە هی کریستیانەکان بەرامبەر بە موسوڵمانەکان.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی هەفتەنامەی «لو پوانت Le Point»ی فەڕەنسی